# ئەرخەوانی یاد

سەعید ئەمانی



# ئەرخەوانی یاد

نووسەر: سەعید ئەمانی

بەرگ و دیزاین: یوسف عەلی پور

# پێڕست


ئەرخەوانی یاد ........ 1
هەڵچوون ........ 4
بروسکەی ڕاسان ........ 7
شکۆمەندی٥٧ ........ 10
کاردانەوە ........ 12
پێشمەرگە پەرژین و شورەی پۆڵاینی شۆڕشە ........ 15
ڕووخان ........ 17
دێوجامەی نەزمی تازە ........ 19
دیدار ........ 22
پێچەوانە ........ 25
بورکانی قینی گەل ........ 26
چەکەرەی هیوا ........ 29
تۆرانی زەردەخەنە ........ 30
بەرامەی شۆڕش ........ 35
باوەشێن ........ 39
بانگەوازێك ........ 41
ئاوەژوو بوونەوە ........ 44
تیرێژی خۆر ........ 47
بەرەو هەرێمی تێکۆشان ........ 49

دانپیانان ........................................................................ 56
سێ کورتە شێعر ............................................................... 57
کۆسپ ........................................................................... 59
گەزیزە .......................................................................... 60
مەرگی دوای جیا بوونەوە ................................................ 61
ئەیار ............................................................................ 62
تroووسکە ....................................................................... 65
سرودی مناڵانی کار ........................................................ 67
بەسەرچوون .................................................................. 70
ئاوابوونی بەیان ............................................................. 71
بەخێر هاتی .................................................................. 74
پێوەدرانی پێلوی بەنجەرەیەک ......................................... 75
پیرۆزبایی ..................................................................... 76
سەودای سەفەر ............................................................. 77
جەنایەت لە لوتکەدا ....................................................... 79
چاوەڕوانی .................................................................... 80
ماچ ............................................................................. 81
یاری ژیان ..................................................................... 82
سوکنایی ...................................................................... 87
چەتر ............................................................................ 89
ون بوون ...................................................................... 90

# " ئەرخەوانی یاد"

بۆ شەهیدانی کیمیابارانی دۆڵی بۆتێ

هەموو ساڵێك
لە مانگی گوڵاندا
شکۆفەی بیرەوەریتان
بە پەلکی دار ئەرخەوانی
غەمی گەورەی
شەهید بونتانەوە دەپشکوێ و
منیش بە ئەسپایی
دەست دەبەم دایبگرم و
بیدەم لە بەرۆکی شێعرێك.

هەموو ساڵێك
لەو کاتانەدا دەمەوێ
قامەتی شێعرم باڵا بکات
بەقەد باڵای

شاخەکانی دۆڵی بۆتێ

بە ئێوەوە ئارامگرتوو لە ئامێزیان

سەری لە هەوری ئاسمانی شانازی بسوێ.

وەك کانیاوەکانی ئەو دۆڵە

بەزایەڵەی نەرمی ڕەوتی

لە ڕێبازی ئینسانیتان

لەخەبات و گیانبازیتان

بۆ گوێی سەوزی ئەو دارانەی

بۆ خوێندنەوەی ناخی دێڕە شەپۆلەکانیان

سەری سەودای تێفکرینیان

نەوی کردوە، بدوێ.

سەد مخابن

سمۆرەی سرکی شێعر

زیز دەبێت و

بەسینەی کاغەزدا دەخوشێ

ماسی ئاسا

به نێوان پەنجەکانی هەستمدا دەربازدەبێ و

لێم دێتەگۆ:

کەی من ئەوەندە بەهێزم

بارگەی غەمی

ئەم کۆستە گەورە لە کۆڵنێم؟!

کوا دمە ئەو ئاوێنە باڵا نوێنەی

لە دەستم بێ

ئامانجی پۆلە شەهیدێك

ئینسانە بەشمەینەتەکان

هەڵاتنی خۆری ڕزگاری و سەربەستی

خۆیانیان تێدا دەبینی

پیشان بدەم؟!

لە من گەڕێ و باش بزانە

ساڵەهایە دەرکەوتوە

پەلکی گوڵی

یادی ئەم خۆشەویستانە

لە گوڵدانی دڵی خەڵکی

زۆرلێکراودا پشکوتوە.

گوڵانی ١٣٩٢

سلێمانی

## " هەڵچوون"

"پێشکەشە بە ڕاپەڕینەکانی خەڵکی وەگیانهاتوی وڵاتانی عەرەبی کە چەند دیکتاتۆڕی بەچۆکدا هێنا"

هاتە جۆش بورکانی
قینی گەل هەڵدەچێ
شۆلاوگەی بۆگیانی
خوێن مژان
زۆر بەخوڕ کەوتە ڕێ.

گوێ هەڵخەن!
قەف قەفی زنجیری زۆردارە
کرتە کرت
لەیەکتر بەرئەبێ و ئەقرتێ.

شکۆفەی هیوایە، یەك بوونە
یەك بە یەك ئەپشکوێ.

تەوژمێ لەڕێدا
پەیامی وەهایە:
هەناسەی پەنگ خواردووی
نێو ناخی دەریایە
گشت ئەبێ بە هەور و
گەواڵە و گەواڵی یەك ئەگرێ و
لەپاڵ یەك ئەترنجێ.

چەخماخەی تورەیی
وەك شمشێر
شەوگاری ئاسمانی
ئەم نەزمە ئەسمێت و
بەر چاوان ڕوون ئەکات

نم نمەی بارانی
زەوی و زار ئەدوێنێ
چرۆی دار ئەپشکوێ و
سەوزایی ئەڕوێنێ.

یان ئەبێ بە جۆگە و لافاوی
زبڵ و زاڵ ئەماڵێ و ئەڕفێنێ.

ئەگەر بێ و دیوەزمەی
خەڵەتان
سوارشانی شەپۆلیان نەبووبێ
داخوازی
ژیانێکی ئینسانی بۆ هەموان
بەرز بێ و
کەژاوەی ئاواتی یەکسانی
بۆ لارێ نەچووبێ
یەقینەن:
بەستەڵەك ئەفەوتێ
بەهاری بژوێنی
بۆ ژیان ئەڕازی و
هەرزانی ئەهێنێ.

سلێمانی
٢٠١١/١/٢٩

## " بروسکەی ڕاسان"

بۆ شەهیدانی گوردانی شوان

ئەوان چاوەڕێی بەیان و
شەویش چڕتر دەبێتەوە.

ئەوان هومای ڕزگارین و
لە گەمارۆی دێوەزمەی
مەرگی تووشا،
سەوڵی سەربەرزی ڕاوەستان
لە نێو بازنەی بانگەوازی
چۆکدادانا.

پۆلە ئەستێرەی ئاسمانی
هیوای گەشی چەوساوەکان
لە ناو تارمایی سێبەری چڵکە هەوری
ڕق و قینی چەوسێنەران
پۆلە کۆترێکی سپی دادوەری بوون

بە گوێسوانەی زەمانەوە .

شوشی زلەی عەداڵەت بوون

بە بنا گوێی تاوانەوە،

تریشقەی بروسکەی ڕاسان

لە شەوی بێهومێدی دا.

ڕووبارێکی خورۆشاوی

قینی گەل بوون

بۆ شتنەوەی بەستێنی ژین لە بێدادی

لە ناپاکی

هاۆرێیانی گوردانی شوان،

هەوێنی ورەو بێباکی.

* * *

ئەی هاورێیان !

مەرگی سورتان

هەتاوێکە:

لووتکەی " قەندیل "ی شۆڕشی

ئەنگاوتوە.

بازوویەکە:

ئاڵای هیوا بە داهاتووی

بە سەر لوتکەی " ئابیدەر "ی

بڕوامان‌دا چەقاندوە.

بەڵگەیەکە:

مۆری باوەڕ بە ڕێباز و

قارەمانی ئێوەی پێوە.

سرودێکە:

بانگەوازی مافخوازانی

گشت جیهانی لە سەر لێوە.

* * *

" یادتان دەکەین:

لە بەر بەیانی شادی ئازادییا.

یادتان دەکەین"

لە ڕۆژانی دوور لە زوڵم و بێدادییا.

زڕگوێز- ڕەشەمەی 1381

## " شکۆمەندیی٥٧ "

بۆ ٢٦ ڕێبەندان ساڵرۆژی گیان لەدەستدانی هاوڕێ حەمە حسێنی کەریمی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە

ئەمرۆ دایکی شەهیدان
چەندین بەهاری ماڵئاوایی
بۆ یادی
کاك حەمەحسێنی کەریمی دەگرین.

ئەمرۆ کرێکاران و خەڵکی بەش مەینەت
جێژنی چەندین ساڵ خەبات و خۆڕاگری
بەلوتکەی ئاویەری عەزمیانەوە
ئاگر دەکەنەوە.

ئەمرۆ بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان
لە پێشوازی
چەندەمین بەهاری لە دایك بوونی بەرەی چەپی دا
بە ئاسمانی شانازیەکانیەوە

لاپەڕەکانی مێژووی باڵ لێدەدا.

ئەمرۆ بیرەوەریەکانی
سەردەمی قیام
لە زەینی خەڵکی ئێران دا
بە شکۆمەندی ٥٧ دەکرێتەوە.

ئەمرۆ بەستەڵەکی دوودڵی و لاڕێ بوون
بەسروودی پایەداری و بەردەوام بوون
گەرم دەخلیسکێ.

لەم رۆژەدا
شکستی پلان و پیلانی
نەیارانی ئەم ڕەوتەش
هەرەسی لێکنانی پێلوی ناهومێدی
دەڕوانێ.

سلێمانی- رێبەندانی 1387

# " کاردانەوە"

پێشکەشە بە سەرجەم تێکۆشەرانی زیندانی، تەبعیدی و گیانبەخت کردوی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران.

بەو تاوانەی

دەیانەویست بڵێن

با بەس کرێکاران

پرێسکەی بەتاڵی بێکاری

بە کۆڵەوە

کۆڵانە و کۆڵانی شاری غەریبی

بەشوێن کاردا بنێنە ژێر پێی

کەسەری جێهێشتنی خێزان

تەبعیدیان کردن.

وتیان با ئیتر

منداڵانی کورەخانە

منداڵانی کار

خۆڵ و خاکی یارمەتی دانی

بەدەست هێنانی بژێوی بنەماڵە
دانەبێژن بەسەر
پرچ و کاکۆڵی ئاواتی ساوایان دا
لە خوێندن و زانکۆ بێبەشیان کردن.

وتیان
ژنانی بێبەش لە نەوازشی
دەستی خۆشیەکانی ژیان
تابەکەی چڕنوکی بێ هیوایی
ڕوخساری داهاتوویان بڕوشێنێ
سەنگساریان کردن.

دەیانویست بڵێن
نابێ هەیمەنە و هێژمونی
سەروەت و دەسەڵات
لەوە زیاتر
ئاسمانی چارە نووسی مرۆڤەکان بسوێ.
نایەڵین چیتر

پاشنەی تیژی پیڵاوی زۆرداران
لاسکی گوڵی هیوای
بێبەشان بجوێ
بە کۆمەڵ لەسەر  کار دەریان کردن.

وتیان با
عیشوەی خۆری ئازادی
بۆ ئەوینی هەموان بێ
با ماچی پڕ لە گەرمای ژیانی
بۆ لێوی هەموان بێ
زیندانیان کردن.

وتیان با چیتر
دایکی هیچ کاممان
باوەش بە گریانی یادی
ڕۆڵە شەهیدەکەیدا نەکات
ئیعدامیان کردن.

## پێشمەرگە
## پەرژین و شورەی پۆڵاینی شۆڕشە

گەر قەندیلی قەڵای ڕاسان
هەتا ئێستا بە شکۆوە
سەربەرز و ئازاد وێستاوە

گوشاری هێزی دوژمن و
گورزی پیلان و شگردی نەیارانی
بە چۆکیدا نەهێناوە

شەقڵی بن چەکمە و پۆتینی داگیرکەران
لەسەر پشت و شان و پیلی
نە نەخشاوە

هەنگی شۆڕش
لەنێو کەندوی ئەشکەوتیدا
لە ئامێزی دارستان و

لێڕەواری سەر سەوزیدا
پوورەی داوە

بۆتە ڕووگە و ئاسۆی هیوای
چەوساوەکان
ژێردەستان و زۆر لێکراوان
لە چوار لاوە

چون دیواری شورەی ورەی
هێزی گەریلا و پێشمەرەگەی
گەلێک بەرزە و
وەک پاوانێک
بەو پەرژینە پارێزراوە.

سلێمانی
١٠/١/٢٠١٧

## " ڕووخان"

لە بن گوێسوانەی ماڵەکە
دوو قومری هێلانەیان بوو

بە جووت دەفڕین
بەجووت دەهاتن و دەنیشتن.

گەلێك جار دەمە و ئێواران
کچە قەیرەکەی ماڵەوە
بەلایاندا ڕادە برد و
لۆچێ دانی پڕلە سۆزی
بۆ دەڕشتن.

زۆر ئێوارە
لەبەر درگا بۆماوەیەك دەمایەوە
دەنك دەنك
گوڵەبەرۆژەی
چاوەڕوانی دەتروو کاند.

ڕۆژێك کەشتەنگ

پێلووی درگای حەوشەی لێکنا

لە پشت میلەی ئاسنینی درگاکەوە

دەیڕوانیە

خولانەوەی دوو کۆترەکە بەئاسمانا.

دەیڕوانیە

ئارامشی خۆری دەمکەل

لەئامێزی کێوە کانا.

سیلەی سەرنجێکی دایە

نەرمە پووشی بن گوێسوانە و

دەستی دایە لینگە کەوشێك

پلاری گرتە هێلانە.

# " دێوجامەی نەزمی تازە"

لە سێڵی تەفرەقەی دەسوون
نووکی زمانی بڵێسەی
ئاگری تەنووری نەزمی نوێ
تا بەڵێنی داهاتووی باشتر، گوڵ دەکا و
دەپشکوێ
برێشکەی هیوا و ئاواتی لە مێژینەی خەڵەتاندن
پڕ دەکەن گیرفانی بێ مافی خەڵك
بە لاوێچی گەورەی درۆ.

بە بن میچی
کۆشکی خەیاڵی داهاتووی ئەم نەزمەوە
بۆ بە شەوارە خستنی ئەو چاوانەی
دەست بەرداری
چەمکی سێبەری گومان نین بە هاسانی
بە شکۆوە
چلچرای دێو جامەیەك

ڕەنگاڵەیی
هەڵدەواسرێ.

مێرگی سەوزی خۆشباوەڕی ژومارەیەك
لە سەرکێشیی، ئەسپی بێ هەوساری
بە جیهانی بوون دا
ڕەها دەکرێ.

خەمساردی دەڕێژێ
چاوی لێکدانەوە یان
بە سوورمەی بێگانەیی داهاتوویەك:
لە بازاڕی بەڕێچونیا
بە پانتای هەموو دنیا
لە بۆسەدان دەستی بازاڕ
چاوی دووکان
بۆ بە کالایی کردنی
سەرتاپای سرووشتی بەشەر.

داهاتوویەك

هەموو ڕۆژێ  ڕیچەی مەرگی

ڕواڵەتی ژین دەڕووشێنێ

پەنجەی غەمی نانی سبەی

خونچەی شادیی ژیانی ئەمڕۆی دەژاکێنێ.

داهاتوویەك

مایەی بوونی

به هەوێنی شەڕ دەگیرسێ

جنتل مەنێك:

کلکەوانەی پەنجەیەتی

حەڵقەی هەموو نارنجۆکی

چارەنووسێ.

## " دیدار"

بۆ یادی ئەو دایك و باوکەی لە ڕێگای دیداری کوڕە پێشمەرگەکەیاندا بەسەر میندا کەوتن و شەهید بوون.

بڕیاری دیدارێکیان دا بوو

بە تاسەی وڕگ گرتوویان.

بڕیاری باوەشێکیان دا بوو

بە ئامێزی

پڕاوپڕ خۆشەویستیان.

دەستی پیری

گۆچانی هیوا لە دەستا

"دایك و باوك"

سەری هەودای

کلافەی ڕێ دەکەنەوە

بەرە و سنوور.

پێی هەنگاوی بەرەو سەفەر

لاجانگی ڕێ ڕادەمووسن

بەرەو ژوانگەی ئازیزی دوور.

جانتای کۆڵیان

پڕ کولێرەی ماچی گەرمی

تەنووری ناخی سنەیە

ئاسمانی ڕوونی چاوانیان

کەیلی گوڵ ئەستێرەی گەشی

باوەشی باخی سنەیە

بۆ ناو دڵی کۆڵەپشتی و

بۆ بەرۆکی کوڕە پێشمەرگەی ڕێبواری

ڕێی ڕزگاری بێ بەشان و

باڵاشەکێنی ئاڵای سوور.

* * *

نەیان زانی ڕێگای سنوور

بست بە بستی

مینی مەرگی تیا چێندراوە

نەیان زانی تاپۆی قینی شەوپەرەستان

دوژمنانی خۆشەویستی

ئەو ناوەی گەمارۆ داوە.

وەڕێ کەوتوون

گوڵی پشکوتووی بزەیان

بەسەر لێوانەوە دیارە

شان بە شان و

دەست لە ناو دەست

چوونە ریزی شەهیدانی

کاروانە ڕێی ئەو دیدارە.

زرگوێز- هاوینی ٢٠٠٣

# "پێچەوانە"

منداڵێکی بچکۆلانە
لەسەر جادە
چەنێ بەرز
لەسەر ئەو کورسیە نەویە
دانیشتوە و
خەریکی بۆیاغ لێدانە.

تەوەزەلێک پێڵاو لەپێ
لاقی لەبەردەم داناوە
چەنێ نزم
بەسەریەوە ڕاوێستاوە!

## "بورکانی قینی گەل"

لە ستایشی خۆڕاگری کۆبانیدا

با بێنە پێش
شەوپەرستانی مەرگ چێن
ئافاتی ڕەشی ژین ژاکێن
پۆل پۆل با بێن و بزانن
دۆزەخێکیان بۆ داخراوە ئێسک تاوێن

بڵێن با بێن
دەستە دەستە
بۆ سەیری شانۆی هاوپشتی
بۆ بینینی
گۆڤەندی بەرگری گشتی

لێرە لە شاری کۆبانی
کۆیلە لە دیلیی ڕاساوە
گزنگی باوەڕ بەخۆیی کچان لێرە

لە لوتکەی شۆڕشی داوە

چۆپی گری شایی خەباتە ژن لێرە

ڕچە شکێنی ڕێگای نەجاتە ژن لێرە

لێرە لە شاری کۆبانی

شانۆی خەباتی ڕزگار بوون لەژێر دەستی

بۆ سەربەستانە ژیان و

دەستەبەر کردنی یەکسانی

ئەکتەرەکانی جیاوازن

ئەمان بە خوێن

نەمامی ژیان ئاو ئەدەن

ژن ناکوژن

ئەمان بەگیان

پارێزگاری

لە ئازادی و سەربەخۆیی ئینسان ئەکەن

ژن نافرۆشن

لەبەر هەموو ئەم جوانیانە

دڕندەکانی داعشستان

شاری شورەی خۆڕاگری

کۆبانیان

بەم شێوەیە

کردە نیشانەی نەفرەتیان

باشە با بێن!

دەستە دەستە

ڕەوەی ئەو شەوپەرستانە

دۆزەخی هێزی گەل لێرە

نێڵەی دێ و چاوەڕوانیانە.

سلێمانی

٢٦/٩/٢٠١٤

## چەکەرەی هیوا
## لە زۆنگاوی نەفرەت و ئازارا

منداڵە وردەنان کرەکان
بارستایی تەلیسە چکنەکانی کۆڵیان
دژ بە سەبەبکارانی دۆخی ژیانیان
ڕۆژانە
بێزاری و نەفرەت دەفرۆشن

پێڵاوە دڕاوەکانیان
پڕ بە زاری شیتاڵەکان
بەرەو ئاسۆی ئاسودەیی
نرکەی سەڵای هەنگاوی پتەو دەکۆشن.

سلێمانی
دیسامبری ٢٠٠٩

# " تۆرانی زەردەخەنە"

پێشکەشە بە یادی کرێکاری پێشمەرگە، هاورێ فەرزاد میلادپور، کە ڕۆژی ٤/٩/٢٠٠٧ لە شاری سلێمانی تەزووری کارەبا لێیدا و بە هۆیەوە گیانی بەخت کرد.

کەسێك نەهات
دوای کۆچی نابەوەختی تۆ
پێکەنین ژێر بکاتەوە.

کەسێك نەهات
دوای تۆرانی
لە لێوی تۆ
زەردەخەنە ئاشت کاتەوە.

کەسێك نەهات
پشتی چەماوەی دار تێلێك
ڕاست کاتەوە
ئەو کاتەی وا
هەگبەی خەمی لە دەستچوونی

بێوادەی تۆ

دایهێنابوو.

تەزووی کارەبای تێلەکان

ڕەوانەی ماڵان کاتەوە

لە وەختێکا

بە دیار لاشەی نیوە گیانی

کرێکارێکی کە تۆ بی و

ئاشنایەکی دێرینەوە

ماتەمبارانە

دامابوو.

چون به گشتی

ناباوەڕانە تاسا بوون

لە خەونیشا هەواڵانت

تاوڵی خەمی بیستنی ئەم هەواڵەیان

لە زەیندا هەڵنەدابوو.

* * *

دەریا ئاسا

دەربیجەی زەینی سامالّی

چاوەکانت،

جمەی دەهات

لە ژیان دۆستی و

هیوای شیرین  بە داهاتوو

بۆیە  نەمدی

بۆ ساتێکیش

گەردی خەمی

ناهۆمێدیت لە ڕوو نیشتوو.

* * *

کەسێك ویستی

حیکایەتی

شەونخونی و

کاری  وشیاری دەرانەی،

کەسێك ویستی

کۆی سەر بوردەی

تێکۆشانی  شێلگیرانە و

پیشمەرگانەی

وەك نەقیمێك

بخاتە سەر

کلکەوانەی ژیانێکی

سەربەرزانە بۆ داهاتووی

بابێ و

لە چاپخانەی شۆڕش

سەدەفی

ئەزموونەکانی بشکێنێ

لە قووڵایی زەینی کامپیۆتێرەکاندا

لەسەر بەستێنی لاپەڕەکانی پێشڕەو

مرواری وڵام دەربێنێ.

با سۆراغی هەودای

تیشکی بیر و باوەڕی

لە تان و پۆی ڕووناکایی

جار و بارەی

گڵۆپی ماڵە کورتەباڵاکانی

گوندەکان و

گەڕەکە فەرامۆشکراوەکانی شار بگرن.

با ڕازی شکۆی
به سەربەرزانه مردنی
لەو دارتێلەی له ئامێزیا
لەگەڵ تەزووی کارەبا دا
ئاوێتەی کردن
بپرسن.

* * *

له دوای کۆچی نابەوەختی
وا هەست دەکەم،
به ئیلهام له تیشکی چاوی،
شۆقی دیدەی گڵۆپەکانمان گەشتره
ڕۆشناییان
لەچاو جاران،
گەلێ گەلێ
ڕوو خۆشتره.

سلێمانی

# " بەرامەی شۆڕش" (*)

بۆ گشت زیندانیانی ڕێگای ئازادی و بەرابەری ئینسان

ساڵەهایە و
دەستەکانتان
دەروازەکانی مێژوو ئەکوتن
تاقێك بۆ ڕزگاری لێدەدەن
بە ئێسك و پروسکی گیانبەخت کردوان
بە ئیرادەی هەزارن هەزار قوربانی ش
داستانی بەرەیەك لە خەباتکاران
دەبەردێنن.

نەوەیەك لە خەو ڕادەبێت
کە
لەگەڵ کازیوەی ڕاپەڕیندا
قەرارێکیان هەیە.
نەوەیەکی کە

لە باوەشیدا
بەرامەی شۆڕشگێڕانی هەڵگرتووە
نەسڵێکی کە
سەردەمی زیندان و کوشت و بڕ
نایترسێنێ.
سەردەمی سەرکوت... سەردەمی ڕاپەڕین
سەردەمی خەم و ئاواتە مەزنەکان.

چەندین ساڵە و
ئەم وڵاتە
ئاڵای دەستی شۆڕشگێڕانی لە شەکانەوەدان.

چەندین ساڵە و
مەشعەلی ڕاپەڕین
ڕۆشنایی دەبەخشێتە ڕێگای خەباتگێڕان و
شەوی دەسەڵات
دەچرژێنێ.
***

ئەی خەباتکارانی بەند کراو

ئێوە لە زینداندا

بە لوتکەی شانازی خەڵکی بەشمەینەتەوە ئەدرەوشێن و

زیندانبانەکانیشتان

لە بڵێسەی قین و نەفرەتیاندا دەسوتێن.

ئێوەن هەوێنی تێکۆشان و

لە شێعری منیش مەزنتر.

بڵێی شێعرم!

سەڵای هەڵکردنی تۆفانی عەزمی جەزمتان بگەیەنێ؟!

بانگەوازی شۆڕشگێڕانی بەندکراو

بانگەوازی ئەو ئینسانە سەربەستانەی

لە پشت میلەی زیندانەوە

دەست و پێ بە زنجیرەوە و چاو بەستراو

ئەو چاوە گەشانەی

وا نەیارانی

پێیان وایە بە بەستنیان

دەتوانن خۆری شۆڕشەکان داکوژێنن!

چەندین ساڵە و

کاروانی شۆڕش

هەروا

بەردەوامە.

ئەی هاوڕێیانی زیندانی!

چەنێ جوانە

گەر ڕۆژێ بێ

گشت ئینسانە چەوساوەکان

لەخەوڕابن

مێژوو بەبێ سیاچاڵ و میلەی زیندان

شۆڕش

پەرچەمی ئازادی و یەکسانی

لە گشت شوێنێ

لە وڵاتەکەی ئێمە و ئێوە و

بە پانتایی هەموو جیهان

بشەکێنێ.

* شێعرێکی محەممەد فیتوری شاعیری ئەفریقاییە کە بە دەستکاریەکی زۆرەوە داڕێژراوەتەوە. شێعرەکە بە ناوی "بۆ بن بللا و هاوڕێکانی" کە لە کتێبی "ئاوازی خوێن" لە وەرگێڕانی یۆسف عەزیزی دا کراوە بە فارسی.

وەرگێڕ

## " باوەشێن"

پێشکەشە بە یادو گیانبازیی پڕ سەمەرو پڕشکۆی کاك حەمەحسێنی کەریمی.

مرۆڤێ
شنەبای بەتین و تەوژمی
گیانبازیی پیرۆزی
تەکاندی توێژاڵی ژیلەمۆی
سەر گۆناو ڕووخساری سکڵی نێو
سێکوچکەی خەباتی نهێنی تادوێنێ

کەسێ وا
بەمەرگی پڕاوپڕ لە ژینی
دایگیرساند مەشعەلێ بۆ ڕێگای
خەباتی ئاشکرای سبەینێ

ئەو کەسەی
قوقنووسی گیانی خۆی هەڵقرچاند
بۆ ئەوەی

لەناخی هێلانەی پڕ گەرای خەباتا
ڕێبواری شێلگیری ڕێبازی
بەشێوە
وەکوو خۆی
بچوێنێ

ئەندازیار کرێکار حسێنی کەریمی
ناسراو بە وەستا ساڵە بوو
ڕێبەری
خەباتی بەکردار
بۆمافی
هەژاران، بێبەشان،
چەوساوەو کرێکار،
جووتیارو پاڵەبوو.

سلێمانی-٢٠١٢

## " بانگەوازێك"

چاوەڕێتم!
لەم سامالْی بێ بەربەستی ئەوینە دا
تەواری پەڕ و باڵ بەستەی
یاغیبوونت هەڵفڕینە.
تانەی خەمی مەودای نێوان
بە لەیزێری
تیشکی دەم کەلی ڕەهایی
بسووتێنە.
***
لووتکەی بە دامێنەوە بەرز!
لە خۆبایی بوون تاوانە.
کێڵگەی ئەویندارى هەور
لێوی تینووی
چاوەڕێی ماچی بارانە
وەڕێ کەوە!
ڕووبارێکی

شینیی دەریا

لە قووڵایی چاوەکانتا

ڕۆنیشتوە.

بپشکوێ!

باخچەیەکی

وەرزی بەهاریش ئیلهامی

لە سرووشتی وجوودی تۆ

وەرگرتووە.

***

چاوەڕێتم!

تا کاتێ هەور بارین و

وەرزی بەهار سەوزەڵانی و

چاوەی کانی هەڵقوڵینی لە بیرماوە.

پێڵووی پەنجەرەی ئینتزار

پێوە نادەم

تا کاتێ سرووشتی خۆریش

ڕووناکیی و

زەوی خول و

مانگ تریفەی لە بیرماوە.

میلی کاتژمێری هۆمێد

ناوەستێنم

تا ئەو کاتەی پەنجەی ڕۆژهەکانی تەمەن

لە گۆ نەچوون

کوانووی خەبات

پۆلوەکانی تینی ماوە

چاوەڕێتم.

وەڕێ کەوە.

سلێمانی سەرماوەزی 1382 هەتاوی

# "ئاوەژوو بوونەوە"

زۆرلەمێژە دەرکەوتوە

زەمزەمەی شوومی پیلانێك

لە ئاهەنگی ڕەوتی ئەم قافڵەیە دایە

هەرچەند جووجەڵەی مەبەستیان

بەئاشکرا نەجووقاوە و

هەر لە هێلکەی

" کاسەی ژێر ئەم نیوکاسەیە دایە".

بە بارێك دا

جاڕی "بەرابەری خوازی" ئەدەن

بە زارەکی، کۆمۆنیست و لایەنگری

هەموو خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکارن

کەچی لە ناوەرۆکیش دا، سەرسەختانە

لەگەڵ ئامرازی خەباتیان

واتە، حیزبەکەیاندا نەیارن،

ئەم کردارەش میتۆدێکی ناسراوە و

پێناسەکەی

" یەك بان و دووهەوایە".

★★★

" وەك گوریسی نێو هەنبانە"

ئەم کەسانە

خۆ نادەنە بەر تیشکی ڕاستی و

پێی لێنانێن کەوا

لە ڕوانگەی ڕابردویانەوە ئاسۆی بینینیان تاریکە.

ڕاشکاوانە پێمان نالێن

پەلەقاژە و هەوڵی زۆریان

بۆ دەرباز بوون لەم گێژاوی بیرکردنەوە

دۆزینەوە و گرتنە بەری

کۆنە ڕێیەکی باریکە.

★ ★ ★

ئەلێین ئەگەر

لە ڕهەندی بۆلێڵی ئەندێشەتانا

ڕێگای ترتان بنیات ناوە

پیرۆزتان بێت

کەس نەبۆتە لەمپەری ڕێ
مافێکی ڕەوای خۆتانە
ڕێبازی نوێ دیاری بکەن و
پشت بکەنە بۆچوونی دوێ.

بێ گرێ و گۆڵ
ڕوو بە ئێمە و (کە بە باشی لێتان حاڵین)
گشت ئەوانەی مەبەستتانە
قسەی دڵتان بدرکێنن
چون بێسودە "ئەزمون کراو ئەزمون کردن"
چێوی ئاوەژوو بوونەوە ش
"وەك هەموو ئەوانی پێشوو"
لەسەری کەس دا مەشکێنن.

سلیمانی کۆتایی 2008

## " تیرێژی خۆر "

بۆ رۆژی کۆمەڵە

ئەمرۆ رۆژی کۆمەڵەیە
بیست و شەشی رێبەندانە
مژدەبەخشی دەستەبەری
ئامانجی تێکۆشان مانە
رۆژی کۆمەڵی زەحمەتکێش
کانی هیوای چەوساوانە
لە شەوی بێهومێدی دا
تیرێژی خۆری هەموانە

تیشکی ئاسۆگەی دوارۆژی
بەختەوەری هەژارانە
سەنگەری داکۆکی و پەنای
توێژی چەوساوەی ژنانە

شوورەی لە گیران نەهاتووی
بزوتنەوەی کوردستانە
لەغاوی ئەسپی سەرمایە
لە مشتی کرێکارانە
رێ نیشاندەری خەباتە
لەرزەی گیانی زۆردارانە
هەوێنی رێکخراو بوونە
لە ماڵ و مەزراو کارخانە

دژی هەر هەڵاواردنێك
خوازیاری مافی یەکسانە
جۆشدەری خەباتی گشتی
لە سەر تاسەری ئێرانە
پیرۆز بیت رۆژی کۆمەڵە
بیست و شەشی رێبەندانە
مژدەبەخشی دەستەبەری
ئامانجی تێکۆشانمانە

## " بەرەو هەرێمی تێکۆشان"

پەخشانە شێعرێک پێشکەشە بە گشت ئەو کچ و کوڕانەی، لە دەورە جیاوازەکاندا، بۆ یەکەمجارە بە ڕیزی پڕ لە شانازی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە پەیوەست دەبن.

( بۆ پێشوازی لە ٣١ ی جۆزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە)

سەرەتای سەفەرە و
ماوەیەکە
لەسەر کارێزی ئەندێشەی
ڕێکخراوێکدا لامداوە
چەند قومێک زانیاری ڕوونم
لەو سەرچاوە هەڵێنجاوە.

ئاسمانی زەینم سامالە
گەواڵە هەوری گومان و دڵەڕاوکێی
تاڕادەیەک
تیانەماوە.

باریکە ڕێی
هەورازی ملەی تێکۆشان

شارەزام و ناشارەزاش
تاپۆی مژی بەدگومانی
بەری ئاسۆی ئەرخەیانیی
بە تەواوی بەرنەداوە.

سەرەتای وەرزی بەهاری
هۆشیاریمە
درەختی باخی زانیاریم
چرۆی کردووە و
هێشتاکە گوڵی نەداوە.

* * *

سواری تەوسەنی خەیاڵم
ڕێگە دەبڕم بەرەو لوتکە و
ترۆپکی شاخی بەرخۆدان

هەگبەی هیوام بە کۆڵەوە
هیوای شیرین
خەونی ڕەنگین
بۆ خۆم و ئەوان، بۆ هەموان.

هەگبەی کەیلی

ڕوئیای ڕاسان

لە هۆکاری بێبەشیم و

تورهەڵدانی کۆت و زنجیر

زنجیری نەریتی کۆن و

یاساو ڕێسای

زاڵمانەی چەوسێنەران.

* * *

کەوتومەڕێ و

لە خەیاڵما

دارێکی تەنیا و تەریکم

لە دامێنێ

سود و سێبەری تەنیاییم

بێ ئەسەرە

ئاسودەیی و بەختەوەری

نە بۆ خۆم و

نە بۆ کەسی تر ناهێنێ

تاکو نەچمە

ڕیزی پتەوی دارستان.

کەوتومەڕێ و
لە خەیاڵما
کانیاوێکی قەتیس ماوم
لە بنارێ
چی دەکۆشم
قەوزە و گژ و گیا ناهێڵێ
تینوێتی کەسێک بشکێنم
هاتووم تێکەڵ بە ڕووبار بم
بە پەیوەست بوونم بە دەریا
ببمە ووزە، ووزە
بۆ ناخی هەڵچووی شەپۆلان.

* * *

من ئێستاکە
خۆری بیرم
هەوری گومانی لاداوە و
گەش و ڕوون
ئەدرەوشێتەوە

دار ئەرخەوانی هۆشیاریم

گوڵی داوە و

بە شنەی شەماڵی بەهاری دڵنیایی

ڕادەژێت و دەشنێتەوە

هەورازەکان نەوی بوون و

لوتکە لە ئامێزی گرتووم

بە سینەمدا هەڵواسراوە:

میداڵی پڕ لە شانازی و سەرفەرازی

بوون بە پێشمەرگەی هەژاران

باسکی بەهێزی چەکداری

چەوساوان و کرێکاران.

* * *

ئێستا، پێشمەرگەی کۆمەڵەم

ئەو هێزەی وا

بۆتە ئاسۆگەیی هیوا و

سەرچاوەی تین و توانایی

بۆ ئینسانە بێ هێزەکان

پشت و پەنا و بڕوا هێنان
بە هێزی خۆ
بۆ ژێردەستان
ڕێبەر و ڕێ نیشاندەری
خەباتی شۆڕشگێڕانە
لە ئێران و لە کوردستان.

* * *

بوومە پێشمەرگەی ڕێبازێک
یەکسانی خواز
بۆ شاهیدیی، تێکۆشانی لێبڕاوانەی
هەزاران ئەستێرەی گەشی
لە ئاسمانی تاریکەشەوی ژیانی
بێبەشاندا داگیرساوە

سەرقافڵەی شەهیدەکانی
پۆلێک خەباتکاری مەزن
ڕێبەرانی خۆشەویست و
لوتکەی متمانەی هەژاران
هاوڕێیان، " خانەی موعینی"

کاک " حەمە حسێنی کەریمی"

دوکتور " جەعفەری شەفیعی"

کاک "سەدیقی کەمانگەر" و

" فۆئاد مستەفا سوڵتانی".

* * *

ئێستاکە، من پێشمەرگەم و

وا هەست دەکەم

شەپۆلی قین و توورەیی دەریای هەڵچووی

جەماوەری بەش مەینەتم

ڕایدەماڵم

هەرچی زوڵم و زۆردارییە

بە بەستێنی ژیانەوە

باسکی هەڵبڕاوی دارستانم

دەنەخشێنم

خۆری ئازادی و یەکسانی

بە ئاسمانی ژیانەوە.

## " دانپیانان"

سیلەی ڕوانینم
وەک پلووکە بەردێ
چۆلەکەی نیگای
کچێکی تۆراند

ئاوێنەی ئەوین
بەدرێژی تەمەن
وەک ئەم ساتانانە
ساردیی سەرنجێک نایەتە بیری

ئاوات و تاسەی گەنجیم دۆڕاوە
ناچارم ئێستا دانی پێدانێم
دەورانی لاوی بوارم پێنادا
دەبێ تەی بکەم تەنکاوی پیری.

سلێمانی
دیسامبری 2009

## " سێ کورتە شێعر"

### 1- شرۆڤە

بەهار

لەبەژنی سنەوبەرێکدا

دەکرێ مانا بکرێتەوە.

****************

### 2- تا خۆی نەسڕنەوە

پەپولەیەک

چوە ژوانی گولێک

باران

دوای ئەو

شوێن پێکانی بۆ سڕیەوە!!

****************

### 3- قەقنووس

چڵە شەمچەیەک

گڕ و تین و

ڕووناکاییەکەی

بەخشی بە سۆبە و چرایەک و

خۆی بە ئاسودەیی

گیانی سپارد.

## " کۆسپ"

ژیان شیرینە گەر
تاڵی نەکەن لێت
سرووشت پەیمانەکەی پڕە
خاڵی نەکەن لێت
دگونجێ
تاکوهەی لەبەرزی بفڕێ
هومای بەختەوەریت
باڵی نەکەن لێت.

# " گەزیزە"

نەورۆزە

گەزیزە

بەدەم شنەی شەماڵەوە

سەمایەتی

لە باوەشیدا هەنگی ئەوینە و

بەدەم چنینی هەڵاڵەوە

تەمایەتی

بێژێ:

هەتاکو تەمەن ماوە

دەم لە دەم و لێو لە ڕوومەتی یارم

هەڵناگرم

بێ ترسم لە ئەغیار

زستانی تووشە و

ئەویش

نزیکی مەرگیە و

کاتی

چوون و فەنایەتی.

# "مەرگی دوای جیا بوونەوە"

ئەو تاوێرە بەردانەی
ئەیانبینی بە داوێنی کێوەکەوە
سەریان
لە کۆشی مەرگێکی بەشێنەیی ناوە و
دابراون لە سەرچاوە
خۆیان
سەردەمانێك بەشێك بوون
لە هەیبەتی ئەو ڕەوەزەی
کە چیاکە بەرێزەوە
وەك تاجێك
لە سەری ناوە.

## " ئەیار"

من بڕیاری یەك گرتنم
بە مەرەکەبی خوێن نووسراوم
من ڕۆژی یەکی ئەیارم.

من بەرهەمی
چەوسانەوە و ڕەنج و کارم.

ڕووبارێکم:
لافاوی قینی کرێکار
بە بەستێنمدا کەوتە ڕێ

ئاسمانێکم:
لە شەوگاری تاریکی دا
بە ملیۆن ئەستێرەی هیوام
تێدا هەڵدێ.

مەیدانێکم:

بە بەرینی هەموو دنیا

بانگی ڕزگاری یەکجاریم تێدا دەدرێ

* * *

ئەو باسکە پڕلەوزەم وا:

ئەسپی سەرکەشی سەرمایە

هەوسار دەکات.

باوەشێکم:

کەیلی گوڵاڵەی

یەك ڕەنگی.

گۆرانی یەك:

پڕاوپڕ بەستەی

یەك دەنگی.

* * *

سروودی مەرگی سەرمایەم

لە سەر زاران.

بڵێسەی ئاگری کوورەی زوڵم تاوێن

بۆ جەستەی

یاسای زۆرداران

* * *

من زامنی سەرکەوتنم

شاڕێ یەکم:

بەرەو ڕزگاری یەکجاری

لە حوکمی ڕەشی سەرمایە

بۆ مەڵبەندێک

کرێکار تێیا بڕیاردەر بێت

ئاسایش و

بەرابەری بێتە کایە.

سلێمانی

2003

# "ترووسکە"

( بۆ رۆژی کۆمەڵە )

ترووسکەی چاوی هەورێك بووی

کەیلی باران

لە شەوی ئەنگوستەچاوا.

تەقینەوەی کانیاوێك بووی

لە داوێنی ناڵەشکێنەی ڕاوەستانا

بۆ ڕووباری وەڕێ کەوتن.

بووی بە بەستێن

تا ناخی دەریای یەك گرتن.

* * *

تۆ

کلیلی ئەو سندووقەی

ڕازی سەرکەوتنی تیایە

بۆ ژێر دەستان.

تۆ

تۆفانی مەوجی مێژووی

بۆ غەرقی کەشتی سەرمایە

لە کوردستان.

## " سرودی مناڵانی کار "

ڕۆژێك دادێ، زۆر دوور نا
منالان له گشت دونیا
منالانی سەرشەقام
بێ ناز و برسی و ناکام
گارگەرانی کەم تەمەن
له بیر کراوانی زەمەن
قۆڵ له قۆڵی یەك دەخەن
یەك دەگرن خۆرێك دەخەن
ڕوو له ئێمه گەورەکان
ڕوو له دایکان و باوکان
له دەسەڵات به دەستان
له پاره خۆشەویستان
لەرزه دەخەنه سەر ئەرز
دەڵێن به بانگێکی بەرز :
ئێمه منالانی کار
بێ ئەژمارین، بێ ئەژمار

بست بە بست ئەم دنیایە

نموونەی ئێمەی تیایە

شاگردی ناو دوکانان

کۆنەکڕی کۆڵانان

کیسە و تەلیس لە کۆڵین

بە زبڵدانا وێڵین

لە باخ دا میوە دەڕنین

لە گەڵ تەونا گوڵ دەچنین

بۆیاغچی و دەست فرۆشین

بۆ بژیو تێدەکۆشین

نموونەی چەوساوەیین

بێ خۆشی و حەساوەیین

خوێندن و قوتابخانە

لێمان بۆتە ئەفسانە

داهاتومان دزراوە

شیلەی گیانمان مژراوە

کۆیلەی دەستی سەرمایەین

بەدەست ژیانەوە کایەین.

نیمانە فریاد ڕەسێ
بە دادمان ناگات کەسێ

***

بۆیە هەموو یەك هەڵوێست
پێکەوە و دەست لە ناودەست
دێینە خیابان و ئەڵێین:
ئێمە مناڵانی کار
بێ ئەژمارین، بێ ئەژمار
بۆ دەرچون لەم ژیانە
لەم دەرد و برك و ژانە
وزە و یەك بوون پێویستە
ئەویش هێزی خۆمانە.

سلێمانی ٢٠١٠

## " بەسەرچوون"

لە تەنیاییدا غەمگین و پەرۆشم
لەبەر ئازاری بێ تویی نەخۆشم
شەمی هیوام خەریکە دێتە سوتان
شەوی هیجران نەڕۆیی و تێدەکۆشم
لەداوێنی بەیانی وەسڵت گیرکەم
سەری پەنجەی خەیاڵ و بیر و هۆشم
تەمام بێنی دەمت بمدەیتێ ماچێ
تا ئیکسیری ژیانی لێ بنۆشم
هەموو کاتم بە ناکامی بەڕێ بوو
بەسەرچوو هیوا و ئاواتی بەتۆشم

# " ئاوابوونی بەیان"

پەخشانە شێعرێک پێشکەشە بە " مەلەکە" ی خەمە مەزنەکانی شۆرشی چەوساوەکان

سڵاو " مەلەکە" ی خەمی مەزن

سڵاو لوتکەی ئازاری برینی شۆڕش

ئەوا ئێوارەی شەوی ناسۆرێکی تر

" بەیان" ی هیوای ژینی لێ ئاوا کردی

ئەی ئاسمانی کەسەری

چەندین ئەستێرەی گەش تێدا کوژراو

ئەی سەیوانی بیرەوەری

چەندین خەمی مەزنی شۆڕش و هیوای هەژاران تێدا نێژراو

تەنیا هەر تۆی بەرگە ئەگری

تەنیا هەر تۆی ئەتوانی

هەگبەی ئەم ژانە قورسانە لە کۆڵ بگری

ڕێبوارانی ڕێگای
کاک فوئاد و دوکتور جەفەر
هاوسەنگەرانی شەهیدەکانی تر
شان بە شانت وان لەژێر تابوتی
ئەم خەمە گەورەدا و دێن تاوەکو
لە بیرەوەریدا بینێژن
هاتون بەشداری خەمت بن و
لە ناخەوە ئازارەکانت بچێژن

" مەلەکە" ی خەمی بەرزە باڵای گەل!
کۆتری شەڵاڵی خوێنی سەر ئاڵای گەل
هێور بەوە و چاوێک لە دەوروبەرت کە
چاوێک لە بەشدارانی بێ ئەژماری کۆڕی خەمت کە

بڕوانە چۆن
لە گەمارۆی خۆشەویستی و ڕێز گیراوی
بڕوانە چۆن وەک نگینێک
لە تاجی شکۆ و شانازی دراوی

هێور بەوە و سەبوری ئێمە بەرەوە
تۆ لە هەموان بەهێز تر و خاراو تری
لە قۆزاخەی خەم بشکۆفێ و
وەکو پێشو بەرەنگاری
لەشکری بەرینی خەمی
پڕ لە ناسۆرت بەرەوە
ئەی یادگاری خەمی شکۆدار و مەزن
سەبوری ئێمە بەرەوە.

سلێمانی ١٦ی خەرمانانی ٩٥ ی هەتاوی

# " بەخێر هاتی"

لەوکاتەوە
لەزگەی مرواری وشەکانت
پچڕایەوە و
ڕژایە لەپی هەستمەوە
چەپکێ کەزیەی ئەوینیشت
کەلەپچە ئاسا
مەچەکی دڵی بەستمەوە.

ئەم دیلیە
ئازاد بوونی پێ بەخشیۆم
لە داوی کەسەر ڕزگار و
بەرەو شادمانی خۆشیوم
هەرچەندیش
کەمێک دێرهاتی
لەناخەوە
هاوار دەکەم
بەخێر هاتی.

# " پێوەدرانی پێلوی بەنجەرەیەک"

پەنجەرەی پەیجێک کە هەردەم ڕوو بە من دەکرایەوە
سەوز و پڕ جوڵە و نەسیمی شادیی تیا دەشنایەوە
ببوە ئاسۆگەی ئەوین و دیتنی مانگی نەوم
شوێنی ڕاسانم لە غەم، بەندی تاژانگی شەوم
پۆشیویە پەردەی بێ مەیلی چەشنی تارمایی تەمێ
ئێستاکە سۆما و تروسکەی تیا بەدی ناکەم کەمێ

# " پیرۆزبایی"

بەخشیویە  بە ژینم  ئاسودەیی،  بوونت،  پیرۆزە
سڕیویەتەوە لە بوونم بێ هودەیی، بوونت، پیرۆزە
جێژنی ساڵرۆژی لە دایک بوونتە  رۆڵەی  شیرینم
پێشکەش بێ ژیانم  بە فەرخوندەیی بوونت، پیرۆزە

## "سەودای سەفەر"

دەمەو ئێوارەی تەمەنە و
بەفری کەسەر کولو کولو
بەسەر شان و ملی کزی
تانیاییمدا دادەبارێ

کزەبای خەم
موسیقایەکی حەزین
بەژێی بیرەوەریە تاڵەکان دەژەنێ

هەور و تەمی ئەم جستانی دڵتەنگیە
گشت رووناکیی دەلاقەکانی ژیان
بە پێدزکێ دادەشارێ

پەڕەسێلکەی نەسرەوتوی تاسە
بێ ئۆقرەیە و
دەگەڕێ لەدووی هێلانەی

گەرمی ئەوینی دڵدارێ

دەفڕێ بۆ دوور
دەبڕێ سنوور
دەپشکنێ بن گوێسوانەی هەستەکان و
گوێدەگرێ لە
ورتەی گەڵای دارەکانی لێڕەوار و
سریوەی باوەشی سەوزی
سنەوبەری گوێ شەقام و پارکی دڵی هەموو شارێ
*****
چاوەڕوانیم
جەستەی شەو دەگرێتە ئامێز
پەڕەسێلکەی شەوارە بوو
بێ سۆراغە و نایەتەوە
سەودای سەفەر کردویەتە
نێچیری چنگی تەوارێ.

سلێمانی ٢٨/١١/٢٠١٦

## " جەنایەت لە لوتکەدا"

مەترسی لە جەنایەتی
مەئموورانی سەرسنوور و
هێزی بەسیج و پاسداران
لە زستاندا
بۆ کۆڵ باران
لە هەیبەتی بەسامی
ڕنوی بەفرا هەرەس دێنێ
لە هەندێکیان بە تاڵانی
بارەکانیان ڕازی نابێ و
ژیانیشیان لێدەستێنێ.

## " چاوەڕوانی"

تۆ کە پێشتر
شێعر و پەخشانت لێم دەویست
بۆ دیکلەمە
بەستەی جوان و
وشەی نیانت لێم دەویست

بۆچی ئاوا
هەموو دەرگا و دەربیجەکانی پێوەندیت
داخستوە

بزانە، من هەموو وەرزێ
پۆپەشمینی چاوەڕوانیم
لەبن، دار توەکەی
مەیلی تۆدا ڕاخستوە.

## " ماچ"

ماچت ناردوە
بە گوڵ ڕازاوە
دڵێکی گەرم و پڕ لە ئەوینت
لەگەڵ داناوە

ئاماژەت بە چاو
چێژی دنیایە
وەسفی شادمانیم
کۆتایی نایە

بەرەو دیارت
پەپولەی ماچی منیش بەڕێوە
دەنیشێتە سەر
لاپەڕەی گوڵی ئەو جوتە لێوە.

# " یاریی ژیان"

( لە یاریی ژیاندا بەردەوام داشی مەرگی نابەوەخت بەسەر لاوازەکاندا سوارە!)

مەرگی بێوەخت و لە ناکاو
هەر بە منی لاواز دەوێرێ

لەبوسەمدا لە گشت شوێنێ
لە بولەرزە و لافاو و توشی و تۆفانا
وەک حەزیایەک
هێرش و هاشاوڵم بۆ دێنێ

لە بۆمبی بیر و ئەفکاری داعشانە و
سوتانی " پلاسکۆ" کاندا
بڵێسەکانی ئاگرە و دەمبرژێنێ

بە بنار و بە بەرزایی شاخانەوە
لەسەر ڕێگای کۆڵبەریمدا

ڕنوی بەفرە و دێ بەرومدا

لەسەر سنور گوللەی پاسدار و مەئمورە
جەستەی کردومە نیشانە

لە شوێنی کار و کارخانە
گەردیلەی گاز و دوکەڵە
ئاوێتەی هەناسەدانمە

دێوەزمەی بێکاریە و
بەردەوام لەسەر شانمە

پەتی سێدارەی دوژمنە
گەروم دەگوشێ

زەخت و گوشاری زۆردارە
دەمتارێنێ

سەرمای وەرزی نەهامەتیە
دەمتەزێنێ
لە ڕێگای کۆچ کردنمدا بۆ هەندەران
شەپۆلەکانی دەریایە دەمخنکێنێ
سوکایەتی تاراوگەیە دەمتاوێنێ

دەبێتە شەڕ و ئاژاوە
پێم دەفرۆشرێ
دەکرێتە بومب و گوللە
تێمی دەگرن

ئاوێتەی پیلان و خورافەیە
بە لامەوە پیرۆز دەکرێ

دەبێتە تیری بێ هیوایی و
بەدەستی خۆم دامدەبێژێ

دەستی بە هێزی زۆردارە و

هەر رۆژەو بە چەشنێ منی بێ هێز

دەسڕێتەوە

داری هیوام بەرناهێنی

لە ڕەگەوە دەیبڕێتەوە

***

ئەو دوژمنانەی تا ئێستا

منیان کوشتوە

ئەو دەستانەی لە بێ هێزی من بەهێز بوون

هیواکانمیان ناشتوە

ئەو دەنگانەی بەسەر دەنگمادا دلێر بوون

هەر خۆم بە توانام کردون و

لە بێدەنگی من بوێر بوون

***

من بە ئەژمار

مەزنترین هێزی دنیام

ژیان بەخش و خولقێنەری

ئاسودەیی و هەرچی ئەشیام

گەر بمەوێ لەو بەهەشتەی
لەم جیهانە خوڵقاندومە
بەشم هەبێ
ئازار و مەرگ بتارێن و
وەکو مرۆڤ لە خۆشیدا
کەشم هەبێ

دەبێ هێزم کۆبکەمەوە
داسی خەبات و تێکۆشان
بۆ دروێنەی
ئازار و ژان
هەڵبڕینی لاسکی زوڵمی زۆرداران
تیژ و دەمەزەرد کەمەوە

دەبێ بەخۆمدا بێمەوە!
ئەو نەزمە پێچەوانەیە
بۆباری خۆی هەڵگێڕمەوە.

# " سوکنایی"

گوڵە باخەکەی
باخچەکەی یادت
گاهێ، بە شنەی
تەنیایی و تاسەم
لە بەیانیانا
چرۆ دەر ئەکا

تاوێ، بە تاوی
خەم و پەژارەم
لە نیوەڕوانان
پشکۆ دەر ئەکا

دەمێک، نیوەشەو
شەونمی تەمی دەڵتەنگیەکانم
ئەتکێتە لەپی
گەڵاکانیەوە و

ڕایئەچڵەکێنێ

غونچە ئەپشکون

کوڵی ئامیزە و

سوکنایی دێنێ.

## " چەتر"

هەموو جارێک

ئەو کاتانەی

پروشەی

بارانی خەمێک

لەناخمدا

هەست پێدەکم

وەک پەنایەک

بە ئەسپایی

چەتری

یادی تۆ

هەڵدەکەم.

# " ون بوون"

گەلێک جار

دەگەڕێم بەدوای خۆمدا

وەدەزانم

بەجارێک ونم کردوە

کاتێک وەبیرم دێتەوە

دەبینم

لەلای تۆ

بەجێـم هێشتوە.

# Erxewanî yad

Seîd Emanî